**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان**
**بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا**

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
**دائرة البحث والتطوير**
**مديرية الدراسات العليا**

ژمارە: ١٩٩٠٧
ڕێکەوت: ١١ / ٨ / ٢٠٢٣ ی زایینی
٢١ / ٧ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣


**بۆ / سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکان / نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا**

**بابەت / گشتاندن**

سڵاو و ڕێز...

پاڵپشت بە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەتمان تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەزارەتمان تایبەت بە خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٢)، ئەم خاڵانەی خوارەوەتان بۆ روون دەکەینەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی سەبارەت بە ڕێکارەکانی دەستپێکردن بە خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ فەرمانبەرانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی:

١. گشت پێشکەشکارە وەرگیراوەکانی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە لە گشت دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی دامەزراون، پێویستە مۆڵەتی خوێندن لە وەزارەتەکانیان یاخود دامودەزگاکانیان وەربگرن بە پێی ناوەڕۆکی هاتوو (ماددەی شەشەم/خاڵی ٩) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەزارەتمان کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ. بۆ فەرمانبەرانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، مۆڵەتی خوێندنی ناوخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی دیبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ب. تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر کە خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بەپێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧)ی یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٢. بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی خاڵی (١)ی سەرەوە هەردوو بڕگەی (أ ، ب)، وەرگیراوی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە گشت دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، پێویستە وێنەیەک لە (فەرمانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن + فەرمانی کارگێری دەست لەکارهەڵگرتن لە شوێنی کار) پێشکەش بە زانکۆ بکات تاوەکو بخرێتە ناو دۆسیەی قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو، بە پێچەوانەوە بە بێ پێشکەشکردنی وێنەیەک لە (فەرمانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن + فەرمانی کارگێری دەست لەکارهەڵگرتن لە شوێنی کار) لە لایەن ناوبراوان بە زانکۆکان، نابێت لە لایەن کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵی زانکۆکان (فەرمانی کارگێری دەستبەکاربوون لە خوێندن) بۆ ناوبراوان دەربکرێت. بۆ زانین پێویستە (ڕێکەوتی دەست لەکارهەڵگرتن لە شوێنی کار)ی ناوبراوان هەمان (ڕێکەوتی دەستبەکاربوون لە خوێندن) لە زانکۆکان بێت.

٣. هەر وەرگیراوێکی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە گشت دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، ئەگەر پێش دەستپێکردن بە خوێندن لە پێشبرکێی پلانی مۆڵەتی خوێندن نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و مۆڵەتی خوێندنی بەدەست نەهێنا، ئەوا بەپێی (ماددەی شەشەم/خاڵی ١٠) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەزارەتمان راستەوخۆ فەرمانی زانکۆیی وەرگیران لە خوێندنەکەی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە بۆ هەڵدەوەشێتەوە.

٤. هەر وەرگیراوێکی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە گشت دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، بە بێ پێشکەشکردنی وێنەیەک لە (فەرمانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن + فەرمانی کارگێری دەست لەکارهەڵگرتن لە شوێنی کار) بە زانکۆکان دەست بە خوێندن بکات، ئەوا (سڕینەوی ناو)ی لە خوێندن لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆکان بۆ دەردەکرێت ئەگەر لە هەر قۆناغێکی خوێندندا بێت.

٥. پێویستە لەسەر هەر یەک لە (راگری کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ، سەرۆکی بەش، بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەدواداچوونی پێویست و وورد بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم گشتاندنە بکەن، بە پێچەوانەوە ناوبراوان بەرپرسیار دەبن لە رووی یاساییەوە لە هەر کەم و کورییەک کە لە دۆسیەی قوتابی/خوێندکاردا هەبێت و لەم ڕووەوە ڕێوشوێنی یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان...لەگەڵ ڕێزدا...

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.